# ئاستانەی سەراب ...!

**بەوکەسەی لەم تێکستە تێدەگات پێشکەشە**

سەروەر کەریم
Sarwar_kareem@yahoo.com

بوون گۆرانی یەکی بەسەرچووە ،

لەگریانی ساوایەک دەچێت لەکاتی لەدایک بوونیا ،

بەرلەئاشنابوونی بەڕەنگی بەفر .

تامی گڵی پێ دەنۆشن و،

سەرەتای وانەکانی دۆڕانی فێر دەکەن و،

باڵەکانی فڕینی بەساوایی دەبڕن و ،

هەستەکانی عەشقی دەسڕنەوە ،

ئاشنای ناکەن بەتامی سێوو ...

ئای بەعەدەم بوونی خەون !

ئەم سەرابەت چۆن هێنایە ناو دڵمان و ،

ئەم گۆرانی یە ترسناکەت بەکام ئامێر ژەنی و ،

ئاسمانی ئەم ژیانەت بێ عەشق کرد .

لێوی شەککەرباری یارت لێ وون کردین و ،

نەگەیشتینە ئاستانەی ماچ .

ئەمێستا بەسەرچوو ژوانی شەهدی یار ،

هیچ دەروازەیەک کیمیای عەشقمان نیشان نادات .

لەخەیاڵدانی حەواکاندا سۆزو وەفا مانایەکی نی یە ،

تابەئاونگ ڕوحیان پاک بکەنەوە و ،

ئەم تەم تومانی ئەزەلی نەبوونە ،

بەساتەکانی فیزیای ژیان ببەخشن .

درەنگ گەیشتین بەناسینی ڕەنگی بەفر

قەدەر وابوو لەساتەکانی یەکەمینەوە ،

خۆمان بدەینە دەست فاڵی غەفری یارو ،

عەیارانە عەیامێک فریومان بدەن و ،

هەناسەکانی فرِینمان نەگەیەننە زناری عەشق .

ئای قەدەری نەبوون لەبوون دا ،

چیرۆکی ئەم هەموو گومانەت لەکوێ بوو ؟

تادڵی حەواکان سیخناخ بکەی لەتاوان و فریوو ،

ڕۆژانە یاری بەهەستمان بکەن و ،

خەونەکانی گەیشتن بە موحیبەت و لیقا ،

بەپێکەنینی دوای ساتێکی لەزەت ببەخشن .

سلێمانی

**2008/6/12**

مانای هەندێک ووشە :

لێوی شەککەربار : لێوی هەنگوینی

غەفر : برۆ

عەیار : فریودەر

عەیام : ماوەیەک

زنار : لوتکە

شەهد : هەنگوین

لیقا : ژوان